# ئاڵا

**نیگارنادر**

**لەندەن**



خۆشمویستی و لەسەر خۆمم هەڵدایی
دەستم لۆ سڵاوی سەربازی هەڵیناو
سەرم بۆ هەڵبری و
پیرۆزترین مارشی نیشتمانیم
پێدا هەڵدای......

خۆشت ویستم و
بەشیتمەوە
بەسەر بەر خودانی قامشلۆی دا
بۆ نیو دەستی گەنجانی ئامەدێ دا

هەڵتواسیم
بەدار و دیواری مەهابادێ و
بەسەر سەری هەولێری دا و
شەکامەوە

خۆشمویستی و
سوێندم پێت خوارد
بە خۆ و گۆری بە  کۆمەڵ و
هەڵەبجە و یەکی  شوباتێ
هەزاران کۆستی دەدیشت
لە بۆ دەدەین
دەستبەردارت نابین و
هەڵتدەکەین

خۆشتویستم و
لەسەر  خۆتت  چە قاندم و
تەقەی خۆشیت دەسپێکردەوە
چوار دەورەمت بە فیشەکی گڕدارو
گرگڕۆکان داتەنیم و
بە رۆژی نەتەوەیت ناوزەدکردەوە

ماچت کردم و
لەسەر سەرم بەرز کردیەوە و
دڵم بەناوت کرد و
سەر بەخۆیم ڕاگەیاندەوە
سۆری لێوو زەردی چاوو کەسکی دڵ و
سپییەتی روحت بونە ئاڵام و
لەسەر هەر چوار پارچەی
کوردوستانێ شەکانەوە

خۆشت ویستم
بەهەرتک دەستان لەسەر خۆتت هەڵدام
لەداوێنمدا کڕ ڕاوەستای
چاوت تێبڕیم و
بە رۆژی نەتەوەیت  ناو نام

**بۆنت پێوەکردم**
**ناوچەوانت بە ناوچەوانمەوە لکاندو**
**بەسەر تابوتی هەموو شەهیدانت دادام**
**بەسینگی هەموو منداڵانتەوە چەسپاندم**
**ئەوەی تێیڕوانیم نیازی هاتە جێ و**
**بە تاکە ئا ڵای کوردوستانێ ناسرام.**